www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا21-7-2006 12:36

## کەرکوک، پەیوەندی کوردو تورکمان ... گۆران فەتحی

پەیوەندی نێوان کوردو تورکمان لەناوچەکە بەگشتی و کەرکوک بەتایبەتی، ئەگەر بەشێوەیەکی بابەتیانەو بێ لایەن باسی لێوە بکەین بێگومان چەندین شێوازو جۆری بەخۆوە بینیوە، سەردەمی هێمنی و پێکەوە ژیان و هەروەها سەردەمی ململانێ و توندوتیژیشی بەخۆوە بینیوە.
ئەگەر بڕوانینە مێژووی تورکمان لەعێراقدا کە مێژوویەکی تارادەیەک نوێیە لەچاو مێژووی نەتەوەکانی تری عێراق لە کوردو عەرەب و برا مەسیحیەکانیش، سەردەمی هاتنی تورکمان بەچەند قۆناغێک بووەو لەم سەردەمانەدا سەلجوقی ئاق قوینلۆو قەرە قۆینلۆو عوسمانی و سەفەوی، کە بەرە بەرە بوونیان وەکو نەتەوەیەک لەعێراقدا چەسپا و دواتریش و دوای روخانی عوسمانیەکان بوون بەبەشیک لەنەتەوەکانی عێراقی تازە دروستکراو.
ئەگەر سەیری مێژوو بکەین دەبینین کە ئەم دوو نەتەوەیە لەچەند سەردەمێکدا ململانێ و توندوتیژی کەوتۆتە بەینیانەوە یەکێ لەو ململانێیانەش لەسەردەمی فەرمانڕەوایی ئەیوبیەکان و سەلاحەدینی ئەیوبی روویداو تێیدا بۆ ماوەی دوو ساڵ شەڕو پێکدادان ناوچەکانی شارەزورو کەرکوک و موسڵ و کوردستانی تورکیاشی گرتەوەو سەدان کەس لەهەردوولا بوونە قوربانی تا دواتر سوڵح کرا لەنێوانیاندا.
ئەم ململانێ و شەڕو پێکدادانەش بەهۆی دەسەڵات و داگیرکاری ئەوکاتی تورک بووە کە خۆی بەخاوەنی دەسەڵات و خاوەن هەموو شتێک زانیوە لەولاشەوە کورد خۆی بەخاوەنی بنەڕەتی ئەو ناوچانە و بەتایبەتیش شاری کەرکوک زانیوە.
بەڵام لەگەڵ ئەوەی ئەم ململانێیە حەساسیەتی خستە نێوان ئەم دوو نەتەوەیەوە لەگەڵ ئەوەشدا ماوەیەکی زۆر بەهێمنی و ئاسایش ژیان لە پاڵ یەکداو تا ئەو رادەیەی تێکەڵی خێزانیش روویدا لەنێوان بنەماڵە کوردو تورکمانەکاندا.
ئەمەو بەهۆی حوکمڕانیان لەسەردەمی عوسمانیدا تورکمان هەردەم خۆی بەزل تر زانیوە لەچاو نەتەوەکانی تردا هەتا دوای پێکهێنانی دەوڵەتی عێراقی تازە، ئەمەو زۆری کارو ئابوری شاری کەرکوکیش بەدەست ئەوانەوە بووە.. لەگەڵ روخانی عوسمانیەکان و هاتنی کەمالیەکان بانگەشەی تورانیەت لەنێو تورکمانەکانی عێراقیشدا بڵاو بۆوەو ئەمەش وایکرد جارێکی تر حەساسیەت و کێشە دروست ببێتەوەو بەڵام رووداوی زەقی لێ نەکەوتەوە تا سەردەمی و کۆماری و ساڵی 1959 کە کێشەکە قوڵکرایەوەو ئەو کارەساتەی لێکەوتەوەو چەندین کوردو تورکمانیش بوونە قوربانی تێیدا و باری ئاسایشی شاری کەرکوکیش تێکچوو. ئەبێ ئەوەش بڵێین ئەم جارەیان دەستی چەند ئەفسەرێکی باڵای سوپای عێراقی ئەو کات بەتایبەت نازم تەبەقچەلی تێدا بوو.
جێگای ئاماژە پێکردنە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەو رووداوە لەدڵ و دەروونی هەردوولادا ماوەتەوەو بووەتە هۆی ساردی نێوانیان بەڵام خۆشبەختانە رۆحی برایەتی رێژەیەکی زۆری هەردوولا ئەم پەیوەندییەی بەرەو باشتر برد، ئێستا دوای روخانی رژێمی بەعسی فاشی رێژەیەکی بەرچاوی تورکمان هەڵوێستی برایەنیان هەیە بەرامبەر بەکوردو کوردیش بەهەمان شێواز سەیریان دەکات، بەڵام لایەنێکی توندڕەوی وەکو بەرەی تورکمانی بەردەوام لەهەوڵی نانەوەی ئاژاوەو ناجێگیریە لەشارەکە بەتایبەت بەرامبەر بەکورد ئەمەش مەترسی ئەوەی دەبێت قینە کۆنەکان لەدڵ و دەروونی هەردوولا بێنێتە دەرەوەو کارەساتێکی لێبکەوێتەوە هەردوو نەتەوە لێی زەرەرمەند دەبن و ئوباڵی ئەوەش ئەکەوێتە ئەستۆی بەرەی تورکمانی و توندەڕەوەکانی هەردوو نەتەوە.